# له چاوه‌ڕوانیتدا

ئیسماعیل شه‌مزینی

2005/1/17 سۆران



من له شه‌وانی بێ یادگاری و
له زیندانه‌كانی ته‌نهاییدا هاتم و
به دیار تریفه‌كانی مانگ و
تیشكه زێرینه‌كانی خۆره‌وه هه‌ڵم كرد
له ئێواره‌كانی ئه‌ندێشه‌ییدا
ده‌روونی پر له ناسۆرم
ئه‌شكی پێ ئه‌رشتم و
شه‌ویش له‌گه‌ڵ سه‌مای ئه‌ستێره‌كان
گۆرانیان بۆ دوا چركه‌كانی
ته‌مه‌نم ئه‌چڕی و
لێوه‌كانم له حه‌سره‌تی ماچێكدا
شێوه‌ی كانیاوێكی ووشكیان لێ ئه‌چۆڕا و
په‌نجه‌كانم دووا شیعری پر له حوزنی
بۆ ساته مه‌سته‌كانی ئه‌شقمی ئه‌نوسی و
زه‌مه‌ن له چاوه‌ڕوانیتدا
وورده وورده ته‌مه‌نی ئه‌ڤینمی ئه‌سوتاند